# ڕاگەیاندنێك لەگروپی سازکردنی کەرنەڤاڵی دادگایی کردنی سەدام حسینەوە

جەماوەری بەشەرەفی گەرمیان

کەس و کاری قوربانیانی ئەنفال

وەك چۆن ئەنفال کارەساتێکی نەتەوەیە و لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا کوردێك هەبێت خۆی بەخاوەنی ئەو کارەساتە ئەزانێت , ئەوا ئاهەنگ و خۆشی و شادیش بەدادگایی کردنی ئەنجامدەرانی تاوانەکە مافی هەموو کوردێکە لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستان . بۆئەم مەبەستەیش ئیمە وەك کۆمەڵێك ڕۆژنامە نوس و ڕوناکبیرو گەنج لەکۆتایی مانگی حەوتدا ڕامانگەیاند کەلەڕۆژی دادگایی کردنی سەدام حسین ڕێکەوتی8/21 لەشاری کەلار چەندچالاکیەکی جەماوەری و هونەری ئەنجامئەدەین بۆدەربڕینی دڵخۆشی خۆمان بەدادگایی کردنی سەدامی دیکتاتۆر لەسەر دۆسیەی ئەنفال , دوای ئامادەکاری پێویست بۆکارەکان و دابین کردنی تێچوی هەمووکارەکان لەسەر حسابی خۆمان و وەرگرتنی ڕەزامەندی لایەنە بەرپرسەکانی حکومەت بۆدابینکردنی ئاسایشی چالاکیەکانمان ئێمە لەئامادەکاری خۆمان بەردەوام بوین تائێوارەی ڕۆژی 2006/8/19 , سەرەڕای گیرانی کاك بەرزان ئەمین حاجی ئەندامی کارای گروپەکەمان و چەند هاوڕێیەکی تریش لەسەر خۆپیشاندانەکەی ئەم دواییەی کەلار , بەڵام بەداخەوە لایەنی پەیوەندیدار لەحکومەتی هەرێمی کوردستان بەبیانوی گرفتی ئەمنیەوە ڕێگەیان پێنەداین لەچالاکیەکانمان بەردەوام بین , کەهاوکات هەمووئاسانکاریەك ئەکەن بۆهەمان ئەو ئاهەنگ و چالاکیانەی کەلەڕزگاریدا بەهەمان بۆنەوە ئەنجام ئەدرێت .. ئەگەرچی هەڕەشەی تیرۆر و گرفتی ئاسایشی ژیانی خەڵکی کوردستان جێگەی دڵەڕاوکێی ئێمەیشە , بەڵام نازانین بۆچی حکومەت ئەتوانێت لەڕزگاریدا ئاسایش دابین بکات کە 5 کیلۆمەتر لەکەلارەوە دوورە , بەڵام لەکەلار نایکات ؟ ئەم بان و دووهەوا بۆ؟ لەکاتێکدا ڕۆژی 8/12 لەلایەن قایمقامیەتی شارەکەوە مۆڵەتی ڕەسمیمان پێدراو توانیشمان لەگەڵ دەزگای ئاسایش لێکترتێگەیشتن و هاوکاری دروست بکەین بۆدابینکردنی ئاسایشی چالاکیەکانمان . ئێمە لەکاتێکدا ڕخنە و ناڕەزایی خۆمان بەرامبەر حکومەت دەرئەبڕین بەخەڵکی گەرمیانیشی ڕائەگەیەنین کەحکومەت بەرپرسی لەباربردنی ئەو چالاکیە چاوەڕوانکراوانە بوو کە ئێمە زیاتر لە20 ڕۆژ خەریکی ئامادەکردنی بوین لەسەر حسابی کات و توانایی و دارایی شەخسی خۆمان .